# تۆش یاخی بە....

سەرگەشتە ئەحمەد

پێم مەڵێ .. بۆچی یاخی بوویت و

شەڕی قەدەر مەکە !

ئەی تۆش وەکو من

لەووڵاتی ژێر چەپۆکی بکوژانی عەشق و جوانی دا

چاوت هەڵنەهێناوە ؟

بیرت دێ ..

هەموو شتێک حەرام بوو لێمان

نە پەپوولەی حەزمان

دەیتوانی لە ژوانا ماچی گوڵ بکا

نە خۆزگەی شعرمان

دەیتوانی لە ئامێزی عەشقا سەما بکا ...

بیرت دێ ..

لەناکاو .. بەرێکەوت گەردەلوولی قەدەر دەهات

وەکو جەستەیەکی بێ گیان و بێ ڕۆح

بە فتوایەکی مەلا .. بە دوو شایەتی لای قازی

یەخسیری دەکردین .

پێیان وتین

ئەمە قەدەرە .. قیسمەتە

ئەمە سەرەتاو کۆتایی ڕێگایە

پێ ی شکور بن تا لە ژینا بن .

ئەمڕۆ من

بە دوای عەشق و ڕۆحی خۆمدا وێڵم

ئەو عەشقەی تۆ خەونی پێوە ئەبینی

لە گەڵما تۆش یاخی بە

من دەمەوێ

بۆنی بارانی عەشق و هەناسەی ماچی تۆ بکەم .